# پێشێلكاریەكان لەكوردستان

## بەدوای حكومەتە تازەكەی یەكێتی نیشتمانی و پارتی دیموكراتی كوردستاندا!

نوری بەشیر
n.bashir3@ukonline.co.uk

پێشێلكاریەكان لەژێر دەسەلاتدارێتی حیزبە ناسیونالیستیە كوردیەكاندا بەتایبەت یەكێتی و پارتی، بەدرێژی ماوەی دەسەلاتیان هەر هەبووە چەندە خۆیان سازماندابێت و شێوەی جۆراوجۆرو رەنگی جۆراوجۆریان گرتبێتە بەرو پۆشیبێت، پێشێلكاری زیادی كردوە، بەتایبەت بەدوای یەكگرتنەوەی ئیدارەكەیاندا، شێوەی هێرش بۆسەر رۆشنبیران و میدیاكان زۆرتر بوەو هەروەها لەژێر سایەی دەسەلاتدارێتیان و زیندوكردنەوەی شێوە كۆنەپەرستیەكانی عەشایەری و ئیسلامی كۆمەلگایان بەرەو توندوتیژی زیاتر بەرامبەر ژنان و لاوان و قوتابیان بردوە، ئەمەی خوارەوە نموونەیەكی تری ئەو پێشێلكاریانەن:

1- زیاتر لە 33 هەزار ژن لەسالی رابردودا كوژراون و سوتاون. سەرچاوەی هەوالّ سایتی بۆپێشەوە.

2- تەنیا لەسالّی 2005 داو تەنیا لەشاری سلێمانی 735 ژن بەهۆی سوتاندن یان كوژرانەوە گیانیان لەدەستداوە، ئەوە بێجگە لەبریندداربون. س ھ سایتی بۆپێشەوە.

3- رۆژی 2006/5/2 دادگای سلێمانی سەر بەیەكیتی ، بریاری شەش مانگ زیندانی و بری 75 هەزار دینار غەرامەی لەگەلّ راگرتنی جیبەجێكردنیدا داوە بەسەر هەریەكە لەئاسۆس هەردی سەرنوسەری پێشوی هەفتەنامەی هاوولاتی و سەرنوسەری ئیستای ئاوێنە و توانا عوسمان سەرنوسەری ئێستای هاولاتی. س ھ گەنجان

4- رۆژی 2006/5/8 نزیكەی 200 قوتابی كۆلیژی كارگێڕی و ئابوری زانكۆی دهۆك خۆپیشاندانیكیان سازكرد بۆ گیرانەوەی قوتابیانی فەسلكراو كە ماوەیەك لەمەو پێش زانكۆی دهۆك 131 خویندكاری فەسلكرد بوو. س ھ گەنجان.

5- كۆسرەت رەسول عەلی لێپرسراوی دەستەی كارگێری مەكتەبی سیاسی یەكیتی نیشتمانی و پالێوراوی پۆستی جێگری سەرۆكی هەریم، لەبارەی داهاتی مانگانەیەوە دەلّێت دوو موچەم هەیە، یەكەم نەسریەكی مەقبول لەمەكتەبەی سیاسی وەریدەگرم كە نەیوتوە برەكەی چەندەو دووەم موچەكەی شەش حەوت ملیۆنەش. س ھ ئاوێنە.

6- لەبەر بێ نەوتی خەریكە گەرماوەكانی كەركوك دادەخرێت، لەكاتێكدا كە فەرمانگەی ئاو مانگانە بڕی 600 هەزار دیناریان لێوەردەگرن حەمامەكە كاربكات یان دابخریت لەبەر بێ نەوتی، س ھ باسەرە.

7- لەكفری پێشمەرگەیەكی دێرینی یەكێتی بەناوی ئارام رەحیم بریاری دا كە مانبگرێت و دەمی خۆی دادەدوورێتەوە بەهۆی ئەوەی كەوەك هاورێكانی حسابی بۆ نەكراوە لەلیستی پیشمەركەی خانەنشینەكاندا. س ھ زەنگ ژمارە 14 و هاولاتی.

8- هەوالّی تەشەنەكردنی كاری تیرۆریستی لەشاری كەلار. س ھ زەنگ ژمارە 14.

9- زیاتر لەحەوت مانگە شاری كفری كەژمارەی دانیشتوانەكەی 25 هەزار كەسە هێلّی تەلەفونی تیا نیە. س ھ زەنگ ژمارە 14

10- ئەنجومەنی شارەوانی سلیمانی داوایەكی یاسایی لەسەر عەتا قەرەداغی نوسرەو رۆشنبیر تۆمار دەكات و ناوبراویش ئەو داوایە بە پەراوێزخستنی ئازادی خەلّكی ناو دەبات. س ھ كوردستان نێت.

11- خراپی بارودۆمی ناو زیندانەكانی كوردستان و شێوەی گرتن و لێكۆلینەوە لەگەلّ خەلّك و نەبونی زۆربەی پێداویستیە سەرەتاییەكانی مافی مرۆڤ لەنێو زیندانەكان. سەرچاوەی هەوالّ چاك.

12- ئیوارەی رۆژی 5/11 لەپردی باسەرە، بەرپرسیکی سریە لەفەرماندەیی گشتی هێزی پێشمەرگی کوردستان سەر بەیەکێتی نیشتمانی شوانێك بەناوی رەزا محمەد دەکوژێت، بەرپرسەکە بەهۆی ئەوەی مۆبایلەکەی لەشوێنی روداوەکە لێکەوتوە، دوزراوەتەوە. س هـ ئاوێنە.

13- مامۆستایانی وانەبێژی کۆلێژی پەروەردەی سۆران لەبەر نەبوونی مامۆستای پێویست لەزانکۆی سەلاحەدینەوە دێنە ئەو کۆلێژە پارەی وانەبێژیان بۆ سەرفنەکراوە. س هـ گەنجان 5/20

14- رۆژی 5/18 قوتابیانی قۆناغی چوارەمی بەشەکانی بایلۆجی و کیمیا و فیزیا و کۆمپیوتەر دەچنە بەردم سەرۆکایەتی زانکۆو و یاداشتنامەیەك پێشکەش دەکەن بۆ ریکخستنی گەشتی زانستی و لابردنی دکتۆر ئازاد کەبۆتە جیگەی نارەزایەتی قوتابیان. س هـ گەنجان.

15- بەمەبەستی گەیاندنی دەنگی قوتابیان بەدەسەلات، لەهەولێر شەش ریکخراوی ناحکومی گروپی هاوکاری ریفۆرمی پەروەردە، گروپی ( هاوکاری ریفۆرمی پەروەردە و خوێندن) ددامەزرینن. س هـ گەنجان 5/18

16- رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەنیازن لەرێگەی مانگرتنەوە فشار بخەنە سەر دەسەلاتدارانی حکومەتی هەرێم بۆ دابەشکردنی پۆستی جێگری وەزیرو بەرێوەبەرە گشتیەکان بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر ژناندا. س هـ هاولاتی.

17- رۆژی 2006/5/2 دادگای سلێمانی سەر بەیەکێتی ، بریاری شەش مانگ زیندانی و بری 75 هەزار دینار غەرامەی لەگەڵ راگرتنی جیبەجێکردنیدا داوە بەسەر هەریەکە لەئاسۆس هەردی سەرنوسەری پێشوی هەفتەنامەی هاوولاتی و سەرنوسەری ئیستای ئاوێنە و توانا عوسمان سەرنوسەری ئێستای هاولاتی. سەرچاوەی هەواڵ گەنجان

18- حەوێز حەویزی لەژمارە 269ی هاولاتیدا وتاریکی بەناونیشانی سەردەمی ئابروچون بلاوکردۆتەوەو تیدا ئاماژەی بەشیوازی دەستگیرکردنەکەی پیشوتری لەناوەراستی مانگی 3 دا بلاوکردۆتەوە، بەم هۆیەوە بۆ جاری دوەم دەستگیر دەکرێتەوە. س هـ هاولاتی و بەیاننامەی کۆمیتەی کوردستانی حککع

19- رۆژنامەنوس مەستورە مەحمود محمەد، لەدوای بلاوبونەوەی چاوپێکەوتنێك لەگەل یەکێك لەخۆپیشاندەرانی روداوی مۆنۆمێنتەکەی هەڵەبجەی 3/16 لەرۆژنامەی رێواندا، ئاسایشی گشتی و بەریوەبەری مۆنۆمێنتی هەڵەبجە بەتۆمەتی تەشهیر و ناو زراندن داوای یاساییان لەدادگای سلیمانی و هەڵەبجە لەسەری تۆمارکردوە. س هـ هاولاتی

20- سێ نوسەر لەسەر نوسین لەهاولاتیدا، سزادەدرێن، لەژمارە 270ی هاولاتیدا بەناوی لاسەنگ، ئەندازیار محمەد بەرزی بابەتیك بلاودەکاتەوەو نەجات ئەحمەد بابەتێك بەناوی سەرۆکی هەریم بگە زانکۆکان لەژمارەی 268 ی هاولاتیدا بلاودەکاتەوە، وتە حەوێز حەویزی وتاریك بەناوی سەردەمی نابروچون کەلەژمارە 269 ی هاولاتیدا بلاودەکاتەوەو بۆ جاری دوەم دەستگیر دەکریت لەلایەن ئاسایشی گشتی هەریمی کوردستان ئیدارەی سلیمانیەوە.. س هـ هاولاتی.

21- رۆژی 5/5 حەوت کارمەندی کۆمپانیای نەوتی کەرکوك لەکاتی گەرانەوەدا رفێنراون. س هـ ئاوێنە.

22- ئەندام لقێکی کۆمەڵەی خوینکاران لەکۆلێژی پەروەردەی سۆران دەست لەکار دەکێشیتەوە بەهۆی کەمتەرخەمی و ململانێی نیوان لقو وکۆمیتەی خوێندکاران. س هـ 5/6 گەنجان

23- رۆژی 4/28 رێبین فەتاح سالح بەرپرسی لقی هەولێری بزافی خوێندکارو لاوانی دیموکراسیخواز دەست لەکار دەکێشێتەوە بەهۆی بێ بەرنامەیی و بێ پرۆژەیی بزاف. س هـ 5/8 گەنجان

24- زیاتر لە 25 رۆژنامەنوسی کەناڵە جیاجیاکانی میدیا لەسلێمانی لەبارەگای رۆژنامەی ئاوێنە لەسلێمانی کۆبونەوە لەسەر رەوشی ئێستای رۆژنامەگەری لەکوردتسان و ئەو پێشێلکارییانەی بەم دواییانە بەرامبەر رۆژنامەنوسنان دەکرێت قسەوباسیان کرد. وە بەنیازن کەکۆبونەوەیەکی فراوانتر بکەن بەبەشداری رۆژنامەنوسانی شاری هەولیرو کەرکوك و دهۆکیش...س هـ 4/ 5 گەنجان

25- رۆژی 3/ 5 خوێندکارێکی سێیەمی نوەندی بەناوی مەتین محمد لەناوەندی پێشەوا لەناحیەی سەنگەسەری ناوچەی پشدەر لەلایەن ئاسایشێکەوە بریندار دەکرێت. س ھ گەنجان

26- لەدوو بەیاننامەی جیادا کەیەکەمیان ئیمزای 65 قوتابی و دوەمیان ئیمزای 22 قوتابیانی رۆژھەلاتی کوردستانی لەسەرە لەبەشی شێوەکاری کۆلێژی ھونەرە جوانەکان بۆ پیشتگیری لەمامۆستا نامۆ و بەدژی ناحەقی سزادانەکەی. س ھ 5/2 گەنجان

27- 10 یاریزانی تۆپی پێی پانەی کفری بریندار دەبن و 8 یاریزانی تریش دەستگیر دەکرێت بەھۆی کێشەیان لەگەل نەقیبێکی پۆلیسی خانەقین. س ھ گەنجان

28- رۆژی 5/14 لەئەنجامی گرگرتنی بەشێکی زۆری ویستگەی کارەبای ئازادی لەھەولیر بەھۆی شۆرتی کارباوە نیوەی شاری ھەولێر بەبێ کارەبایی ژیان بەسەر دەبەن. کەبۆ ماوەی ھەفتەك کارەبایان نابێت. س ھ ئاوێنە

29- ھەندێك پالێوراوی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ پۆستی ئەو وەزارەتانەی وەریانگرتوە بەچەند کاتژمێرێك پێش مەراسیمی پێکھێنانی کابینەی پێنجەمی حکومەتی ھەریمی کوردستان زانیویانە بۆ پۆستی وەزیر پالێوراون. س ھ ئاوێنە

30- لەقەلادزێ زۆربەی مالەکان لەسەدی سی قەرزی کارەبایان بۆ ھاتوەو کەتیایاندا قەرزی سالێك پێش ئێستای بۆ ھاتوە، لەکاتێکدا ھەندی لەو مالانە تازە بونەتە بەشداربوی کارەبا و کارەبان تازە راکێشاوە. س ھ ئاوێنە

31- زیاتر لە 35 گەنجی ناوچەی ھەورامان لەسنوری زاخۆوە کوردستان بەجێدەھێلن و یەکێك لەو گەنجانە ھۆکارەکەی بۆ بێکاری لەناوچەی ھەورامان گەراندۆتەوە و ئاماژەی بەوەش دا کەبەشێك لەو گەنجانە خویندکارن و وازیان لەخوێندن ھیناوە. س ھ ئاوێنە

32- 2 گەنجی خەلکی شارۆچکەی کەلار لەرێگای نێوان تورکیا و یۆنان گیان لەدەست دەدەن، ئەمانە کۆمەلێك گەنجی ناوچەی گەرمیان بون، کە پێش 2 مانگ کۆچیان کردوە ئەوروپا و نزیکەی 17 رۆژ بەریگاوە بوون. س ھ ئاوێنە.

33- رۆژی 5/4 لەشارۆچکەی بەحرەکە کورێکی تەمەن 26 سالە خوشکێکی خۆی کەتەن 21 سالەو 4 مندالی ھەیە و ماوەیەك پێش ئێستا ھاوسەرەکەی مردوە، دەخنکێنێت و لاشەکەی لەژێرگلدا دەشارێتەوە. س ھ ئاوێنە.

34- رۆژی 5/5 لەشارۆچکەی کەلار کەسێك بەناوی عومەر ئەحمەد تەمەن 30 سالە بەدەمانجە ھێرش دەکاتە سەر مالی خەزوری و ھاوسەکەی بەناوی پەشخان کەحامیلە دەبێت بەدوو مندال و لەگەل خەزوریدا بەناوی محمد دەکوژێت و خەسوی و ژنێکی تریش کەدراوسیان دەبێت بریندار دەکات. س ھ ئاوێنە.

35- رۆژی 5/12 لەگەرەکی بنگردی شاری کەلار گەنجێك بەناوی شەمال محمەد سالح کەپۆلیسی دارستان بوە خۆی دەکوژێت. گەنجان 5/14

36- رۆژی 5/11 لەگەرەکی زەرگەتەی شاری سلیمانی کچێکی گەنج تەمن 16 سال بەناوی ھێشوو قوتابی پۆلی دوەمی ناوەندی بەدەمانچە خۆی دەکوژێت. س ھ گەنجان

37- 5 ئەندام لقی زانکۆی سەلاحەدینی کۆمەلەی خوێندکارانی کوردستان لەبەر بونی گەندەلی دەستیان لەکار کێشایەوە. س ھ 5/13 گەنجان

38- رۆژی 5/8 گەنجێکی شاری رانیە بەناوی دلنیا خۆی سوتاندو بەھۆی زۆری سوتاویەکەیەوە گیانی لەدەستدا. س ھ گەنجان 5/9

39- رۆژی 5/16 بۆتان تەحسین سەرنوسەری ھەفتەنامەی زاری کرمانجی لەرۆژی 5/16 بۆ جاری دوەم بانگھێشتی بنکەی پۆلیسکرا بۆ لێکۆلینەوە لەسەر ھەوالێك کە لەژمارە 47ی رۆژی 5/15 بلاکراوەتەوە دەربارەی دەزگای شەھیدانی سۆرانی سەر بەئیدارەی سلیمانی. س ھ ھاولاتی

40- ڕۆژی 1/22 کوڕێکی تەمن 17 ساڵ لەشاری سلیمانی مندالیکی 6 سالان دەفرینێت بەرەو کەرکوك و لەرێگا دەستگیر دەکرێت و 4/20 حوکم دەدرێت. س ھ ئاوێنە

41- قەیرانی سوتەمەنی نەخۆشخانەکانی سلیمانی دەگریتەوەو بەھۆی نەبونی غازەوە نەخۆشەکان لەئیمێرجنسی نەخۆشخانە نانیان پی نەدرا. س ھ ئاوینە

42- سەرباز زوھێر عەزیز تەمەن 12 ساڵ و قوتابی پۆلی پینجەمی سەرەتایی لەقوتابخانەی فەیزییە لەگەرەکی ئازادی شاری ھەولیر، دەسوتێت و ڕۆژی 4/29 لەنەخۆشخانە گیان لەدەست دەدات. س ھ ئاوێنە و گەنجان

43- ڕۆژی 4/26 بێژان قوتابی پۆلی سێیەمی ناوەندی لەشاری رانیە، خۆی دەسوتێنیت و ڕۆژی 5/1 لەنەخۆشخانە گیان لەدەست دەدات. س ھ گەنجان

44- لەقوتابخانەی ئەزمری کوران کارگوزارێك لەخوێندکارێك دەدات و ئازار بەدسەتێکی دەگەیەنێت، بەرێوەبەری خوێندگاکە ئەم رواداوە بەکێشە نازانێت. س ھ گەنجان

45- بەھۆی زۆربون و پەرەسەندنی دیاردەی فراندن و کوشتن لەشاری سلێمانی دا ترس و تۆقاندن لەناو خەڵکدا روو لەزیادبونە، ڕۆژی 6لەسەر7ی ئایار، لەگەرەکی ئیبراھیم پاش ئاراس عومەر تیرۆر دەکرێت، ھەروەھا لاڤە جمال دەفرێنریت و ھێزەکانی ئاسایش لەکاتی گەراندا، تەرمی گەنجێکی تەمەن 34 ساڵە بەناوی نەژاد دەدۆزنەوە. س ھ گەنجان

46- لاڤە جەمالی تەمەن سێ ساڵ و نیو لەسلیمانی بەدەستی مریم ھاوسەری نەقیبێکی ھیزی پیشمەرگەی ژنان، دەفرینرێت و دوایی دەکوژرێت. س ھ کوردستان نێت.

47- ڕۆژی 4/12 لەسەر ڕێگای خانەقین بەعقوبە چەند چەکدارێك ھەڵدەکوتنە سەر ئۆتۆمبیلی دوو خوێندکاری زانکۆی ساڵی دوەمی یاسا، بەناوەکانی حسن ستارخان و ئەرکان رەفعەت ( ئەرکان جیا لەوەی خوێندکارە ئەفسەری پۆلیسە لەدیالە) و ھەردوکیان و دووکەسی تریش کە پارێزەری ئەرکان رەفعەت بون دەکوژن. س ھ گەنجان

48- گەنجێك بەناوی بەکر محەمەد لەگوندێکی ناوچەی گەرمیان خاڵی خۆی بەناوی عەلی دەکوژێت. پاش ھەڵھاتنی بۆ ناوچەی چەمچەماڵ لەروبەروبونەوە لەگەڵ پۆلیس و ئاسایشی چەمچەماڵدا دەکوژریت و پۆلیسێك بریندار دەبێت. س ھ 5/14 گەنجان

49- ڕۆژی 3/8 بەبریای 1723 سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە بریاری فەسڵکردنی 4 قوتابی دەدات و یەکێکیان دەگەرێنێتەوە، وە ڕێکخستنی یەکیتی نیشتمانی داوا دەکات کەکۆمەڵەی چالاکیەکانی ھاموون، خەلەف غەفور سەرنوسەری ڕۆژنامەی ڕۆژین ئۆرگانی ناوەندی ئەو ڕێکخراوە دەرکەن گەرنا بودجکەیان دەبڕن، ھۆکەشی ئەوەیە کە خەلەف غەفور بەشداری خۆپیشاندانەکانی قوتابیانی کردوە. س ھ گەنجان

50- شەوی 13لەسەر 2006/4/14 لێدانی وەحشیانە لەئەدیبە ئەحمەد، لەلایەن ھاوسەرەکەیەوە کەتوشی نەزیفی دەماغ دەبێت پشتیشی ئەشکێت و پاش ئەوەی ئەبرێتە نەخۆشخانەی سۆران و دکتۆرەکان ئەزانن توشی نەزیفی دەماغ بوە رەوانەی نەخۆشخانەی کۆماری ھەولیری دەکەن و پاش نەشتەرگەری بۆی لە 4/16 و بۆماوەی 20 ڕۆژ تەنھا ھەناسە دەدات و لە2006/5/5 دا گیان لەدەست دەدات.

تێبینی: ھەموو (س ھ) یەك بەمانای سەرچاوەی ھەواڵ دێت